# كونفرانسی عەمان كۆتایی بە كارەكانی خۆی دێنی

ئەمرۆ دوایین رۆژی كۆبونەوەكانی عەمان بوو, بۆ دامەزراندنی سەنتەری ونبوان و بیسەروشوینكراوانی عیراقی , كەوا بە سەرپەرشتی ریكخراوی نەتەوە یەك كرتوەكان / بەشی مافی مرۆف ( یۆنامی) و وەزارەتی مافی مرۆف لە رۆژانی 25 تا 28ی ئەیلولی 2005 لە ئوردن كارەكانی خۆی بە سەركەوتوویی بەریوەبردو ئەنجومەنیكی لە نوینەرانی (8) ریكخراو و كۆمەلە هەلبژارد, لەنیوانیاندا نوینەری ناوەندی هەڵەبجە بەدی دەكرێ.

دوای ئەوەی لە روژانی رابردوو زیاتر لە 50 رێكخراوو كۆمەلەكانی كەسوكاری ونبوان و بیسەروشوینكراوان لە نیوانیادا ناوەندی هەلەبجە (چاك) بەسەر دوو گروب دابەشكرابوون و لە دوو هۆلی جیاواز بە بەشداری و چاودیری نەتەوە یەكگرتوەكان ژمارەیەك پسپۆرو شارەزای ئاژانسەكانی بواری گۆرە بە كۆمەلەكانی سەر بە UNAMI , UNDP و كۆمسیۆنی ونبوانی سەر بە UN و ریكخراو دامەزراوەی شارەزا لە كۆسۆفو, دانمارك , ئەمەریكا , بەریتانیاو..تاد.. دوو تەوەری سەرەكی بە تیرو تەسەلی گفتو گۆیان لەسەر كراو بەرنامەی كار و بریاری پیویستیان لەمەر وەرگیرا , كە بریتی بوو لە :

تەوەری یەكەم: جونیەتی بەشداری بیكردنی كەسوكاری قوربانییانی دەست تاوانەكانی رژیمی گۆر بە گور لە دروستكردنی سەنتەری ونبوان و بیسەروشوینكراوان و بریاردان لەسەر هەیكەلی سەنتەری ناوبراوو هەلبژاردنی نوینەرانی خۆیان بۆ ئەو كۆرسانەی كە بۆ 100 راهینەر لە سەرانسەری عیراق دەكریتەوە.

تەوەری دووەم: گفتوگۆكردن لەسەریاسای بنەرەتی سەنتەرو هەلبژاردنی نوینەرانی ریكخراوو كۆمەلەكان بۆ ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سەنتەر.

ئەمەو ئەمرۆ هەردوو گروب لە یەك هۆل بە سەرپەرشتی جۆن باتشی بەریوەبەری نوسینگەی عیراق بۆ مافی مرۆڤ نیردەی نەتەوە یەك گرتوەكان یۆ یارمەتی دانی عیراق بۆ گفتوگۆو بریاردانی كۆتایی كۆبونەوەكانی خۆیان تا درەنگی ئیوارە دریژەی پی دا, لە بەشیك لە كۆبونەوەكان جیگری نیردەی نەتەوە یەك گرتوەكان بەشداری كردو بە وتاریك خۆشحالی و هاوكاری تەواوی نەتەوە یەكگرتوەكانی راگەیاند .

دواجار , دوای بریار دان لەسەر یاسای بنەرەتی سەنتەرو دیاریكردنی 4 هەرێم بۆ دابەشكردنی 100 راهینەر كە مەشق بە زیاتر لە 1700 لە كەسوكاری ونبوا نو بێسەروشوینكراوان دەكەن , لەوانەش كەسوكاری ئەنفالكراوانی كوردستان , كە بەشی هەریمی كوردستان لە شارەكانی كەركوك, سلیمانی, هەولیر, دهۆك و موسل دەكرێتەوەو 27 راهێنەری بەركەوت , پاشان بۆ هاوكاری لە گەل مەینەتییەكانی گەلی كورد نوینەرانی باشوری عیراق ( بەسرە) لە بەشی خۆیان بەشی شاری سلیمانییان لە 5 ڕاهینەرەوە كرد بە 6 ڕاهێنەر.

لە كۆتاییدا لە كەشوهەوایەكی ئازاد و رەوشەن و راشكاوانە (8 ) نوێنەریان بۆ ئەنجومەنی گواستنەوەی بەریوەبردنی سەنتەر هەلبژارد, كە نوینەری ناوەندی هەڵەبجە (سەلاح مەزن ) ریكخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال بوونە ئەندام تێیداو. بریاریشە ئەمشەو هەر لەسەر ئەو بیشنیارەی كە ناوەندی هەڵەبجە كردبووی

کاتژمێر 10ی شەو بەکاتی عەمان کۆبونەوە بکری بۆ گفتوکۆ کردن سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهینانی تۆرێکی فرەوان ( فدراسیۆن) لە لایەن نوینەرانی کوردستانەوە بەریز ( لەتیف فاتح فەرەج) پێشنیار کراوە کە ببیتە نوێنەری ریکخراوو کۆمەلەکان, ئەو تۆرە لە دەرەوەی بەرنامەی نەتەوە یەك گرتوەکان دەبێ و نابێتە جیگرەوەی ئەنجومەنی هەلبژیردراوی سەنتەر , بەلام بۆ هەماهەنکی کردن لە نیوان ریکخراوەکانی سەرانسەری عیراق و پەیوەندی بە کەسوکاری قوربانییەکان رۆلیکی باشی دەبی بۆ هاوکاری هەمەلایەنە لە پیناو هینانەوەی گۆرە بە کۆمەلەکان و دیاریکردنی چارەنوسی ونبوان و بیسەروشوینکراوانی گەلانی عیراق بە گشتی و قوربانییانی کوردستان بە تایبەت .

**سەلاح مەزن**

**بەرپرسی چاك لە کوردستان**

**و نوێنەر لە کۆنفرانسی عەمان**

**2005-9-28**